# چەمكی زمان
# لەنێوان سیستم و جیاوازیدا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

مرۆڤ دوای خۆناسینی لە ڕووی مەعریفییەوە، دوای هەنگاونانی لە بوونەوەرەوە بۆ بناس (عــــارف) و ئامادەبوونی لە دنیای بیركردنەوە و زانست و هونەر... بۆی دەركەوت ئەگەرچی دوێنێ "تێگەیشتن" بە زانستی مرۆیی و ڕوحەوە پەیوەست بوو، بەڵام ئەمڕۆ بە پارادیمە زمانەوانییەكانەوە دەلكێت.

قـەشـە (سـانت ئۆگـسـتین saint Augstine ٣٥٤-٤٣٠ز فـەیلەسـوفی كـاسـۆلیكی) (لێكۆڵینەوەی زمانەوانی) بە سەرەتایەكی ئایینییەوە بەند كردبوو، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پێی وابوو زمان دەلالەت لە بوونی خودا دەكات، خودا لە ناوەوەی هەموو كەسێكدایە و لە ڕێگای زمــانەوە دەردەكـەوێت. هەڵبـەتە بنەمـای ئەو تێڕوانینە گشتییە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە (فەلسەفەی سەدەی ناوەڕاست)ـەوە هەیە، كۆی ئەو فـەلسـەفـەیەش پشت بە كتێبی پیرۆز (ئینجیل) و دەستەواژەی سەرەتا "وشـە" هەبوو، دەبەسـتـێت. بەو مـانایە (ئامـانجی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی) جیاكردنەوەی قسەی خودایە لە قسەی مرۆڤ. لەو گوتەیەی (ئۆگستین)دا مرۆڤ دەقێكە خودا لە ڕێگای زمـانەوە (خـەلق)، یان بەرجەسـتـەی كردووە، بەدیوەكەی دیكەدا زمان تاقە (ئامرازێكە) خودا بەو دەقەوە دەلكێنێت.

بەڵام ئەمڕۆ دەق ئەوەیە، كە خوێنەر دەیخوێنێتەوە، بۆیە (ڕۆلان بارت ١٩١٥-١٩٨٠) پێی وایە دەق لەگەڵ خوێنەر دێتە گۆ. دەق قسان ناكات، بەڵكو لە بەركەوتنی لەگەڵ خوێنەر (قسە كردن) دێتە ئاراوە.

لێـرەدا ئەوەی (ئۆگـسـتین) و (بارت) بەیەكـەوە گـرێ دەدات تێگەیشـتـنە لە خـودی زمــان، بەڵام ئەوەی لە یەكـتـریان جیـا دەكـاتەوە خودی "تێگەیشتن" و "بابەتی تێـگـەیـشـتن"ـە. تـێـگـەیـشـتن و بـابـەتـی تـێـگـەیـشـتن "جێگیـربوون" و "گـۆڕان" لە یەكـتـریان جیـا دەكـاتەوە. دەمـەوێت بڵـێم ئۆگـسـتین قـسـە لە بابەتی تێگەیشتن دەكـات، بەڵام بارت بە خـودی تێگەیشـتـنەوە دەلكێ. ئەگـەر بابەتی تێگەیشتن جـەخـتـكردن بێ لە (خـالق- دانەر- نووسـەر) بەو مـانایەی كە ئۆگـستین دەیخـاتەوە، ئەوە خودی تێگەیشتن جەختكردنە لە (دەق) بەو مانایەی كە بارت لە (خوێنەر/وەرگر- جیاوازی خوێندنەوەكان) دەیبینێ.

بابەتی تێگەیشتن هەمیشە جێگیرە، كەچی مەرجەكانی تێگەیشـتن لە گـۆڕانی بەردەوامـدایە و ناكـەوێتـە سـەر بابەتی تێگەیشـتنەوە، بەڵكو دەچێـتـە سـەر ئاسـۆكـانی ڕاڤەكردنەوە! بە مانایەكی دیكە ئەگـەر زمان وەك بابەتی تێگەیشتن جێگیربوونی خۆی لە دووتوویی سیسـتمێكی دیاریكراودا بەرجەسـتە بكات، ئەوە دەق وەك كۆمـەڵێك مەرجی جیاوازی تێگەیشتن، دەكەوێتە سەر تەجاوزكردنی سیـسـتـمی دیاریكراوی زمـانەوە، دەكـەوێتـە سـەر فـرە خوێندنەوە و خوێندنـەوەی جۆراوجۆرەوە، ئیتر لەوێوە دەق



**سانت ئۆگستین**

بەرەو بوونێکی زێتر دەبێتەوە. هەموو خوێندنەوەیەکی جیاواز، داهێنانی دەقێکی دیکەی جیاوازە. دەقی جیاوازیش فیکرەی یەکگرتووی کۆتا ئامێزی نێوان دەق و خوێنەر، بابەت و خود قبووڵ نییە، وەک چۆن بە توندی یەکگرتنی نێوان دەق و دانەر ڕەت دەکاتەوە.

لە پشت قسەکردن لە زمان وەک ئامرازی پێوەندیکردن و زمان وەک جەوهەری بوون، زمان وەک (قەوارەیەکی ئاراستەکراوی مەتریال) و (زمان وەک شتێکی ڕووت و ئازاد) دوو بیرکردنەوەی جیاواز هەیە، یەکەمیان زمان لە ناونانی شتەکانەوە هەڵدەگرێتەوە، دووەمیان بوونی شتەکان لە چوونە نێو زمان ناس دەکات! یەکەمیان سیستمێکی دیاریکراو بەڕێوەی دەبات، دووەمیان لەسەر جیاوازی وەستاوە، کەواتە لەنێوان سیستم و جیاوازی، کرانەوە و داخران، دانەر و خوێنەر. دەشێ پرسیاری سەرەکی لە دەق ئەوە بێ: کاتێک دەق قسان بە زمان دەکات، کێ قسان دەکات، دانەر، یان زمان؟ ئایا کەسەکە دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی ئەو ئامرازە بەکار بهێنێ، کە زمانە، یان ئەوە زمانە ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی لە کردەی گوزارشتکردندا دەگێڕێ و وەک یارییەک مەرجەکانی خۆی بەسەر قسەکەردا دەسەپێنێ، قسەکەر وەک یاریکەرێک بەکار دێنێ.

هەڵبەتە قسەکردن لە (زمان) بێکۆتاییە! لە بەرانبەر ئەوەشدا قسەکردن لە بارەی دانەر، یان نووسەر قسەکردنە لە پانتاییەکی دیاریکراوی زمان. مەبەستم لە خودی نووسەر وەک شێواز نییە، چونکە وەک (ژاک لاکان ١٩٠١-١٩٨١) دەڵێت شێواز خەسڵەتی خودی کەسایەتی نییە، بەڵکو نەسەقێکی کۆمەڵایەتییە، کۆی ئەو نەسەقە کۆمەڵایەتییەش بەپێی تێگەیشتنی زمان، یان لە فەشەلی تێگەیشتن دروست دەبێت، چونکە هەمیشە نووسەر پێش ئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە، دەکەوێتە نێو بوونی زمانەوە، بەڵام بەر لەوەی قسان لە خودگەری و شێوازگەری بکەم. هەوڵ دەدەم ئیشکالییەتی زمان وەک تەنیاییەکی گەورە بۆ تێگەیشتن، لە ڕێگای جیاوازی نێوان زمان و ئاخاوتن، زێتر ڕوون بکەمەوە: زمان لای (فردینارد دی سوسێر ١٨٥٧-١٩١٣) دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، سیستمێکە، یان تۆڕێکە لە ئاماژە، بابەتەکەی هەڕەمەکییە، یاسایەک دەستی بەسەردا گرتووە، تەنیا لە ڕێگای تێگەیشتن لە تەواوی سیستمەکەوە نەبێ، ناشێ تێبیگەین. بە دیوەکەی دیکە سەرباری ئەوەی زمان سیستمە، بەڵام جیاوازیشە، چونکە ناشێ لە ڕەگەزەکانی زمان بگەین، تەنیا لە ڕێگای بەراورد لەگەڵ ڕەگەزێکی دیکەی جیاواز نەبێت. بۆ نموونە ناتوانین مانای وشەی (دوژمن) بزانین، تەنیا لە ڕێگای بەراوردکردن بە وشەی (دۆست) نەبێ. دەشێ ئەو دوو ڕواڵەتە تەرجەمەی سەر (فۆرمی گشتی) و (جوولەی جیاواز) بکەین، بەڵام ئاخاوتن (کلام) ڕوودانی زمانەوانی ڕاستەوخۆیە، واتە گوتنی کەسەکانە، بەڵام قسەکردن لە ئاخاوتن لای سوسێر کورتی دێنێ و سوسێر زێتر بایەخ بە سیستم دەدات و تاڕادەیەک ئاخاوتن وەلا دەنێت. لێرەوە جەختکردن لە زمان، بەو مانایەی کە یاسا و ڕێسای تایبەت بەڕێوەی دەبات، دەمانخاتە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا (سیستمی زمان)ی سوسێر هەموو زمانە، هەموو تێگەیشتنە، ئایا جیاوازییەکان و تەجاوزکردن و دەرچوون لە چوارچێوەکان، یان فەشەلی تێگەیشتن دەکەوێتە کوێی زمانەوە؟

وەک دەزانین گوتاری (مەرگی نووسەر) بارت ساڵی (١٩٦٨) نووسیویەتی و ئەو گوتارە پشت بە گوتەکەی (ستیڤن مالارمێ ١٨٤٢-١٨٩٨ Stephane Mallarme) دەبەستێ، کە دەڵێت: زمان قسان دەکات نەک نووسەر، نووسین گەیشتنە بەو پنتەی کە زمان دێتەگۆ نەک من. هەڵبەتە ئەو گوتەیەی مالارمێ بەو مانایە نییە، کە زمان گشتێکە لە تەنیاییەکی گەورەدا! بەڵکو بەو مانایە دێ، کە زمان بەش بەش دەبێ، چونکە

هەڵگری جیاوازییە. لێرەوە ئەگەر قسە لە جیاوازییەکان بکەین، کەواتە ئەوە بڕوا نەبوونە بە جیاوازی کەوا دەکات تێڕوانینی ئۆگستین بۆ زمان خۆی لە تێگەیشتنی ئەوانی دیکەدا نەبینێتەوە، بەڵکو لە تاقانەیی بابەتی تێگەیشتنەوە دەربکەوێت، لەسەر ئەو بنەمایە دەیەوێ بیسەلمێنێ کە زمان گشتێکە لە تەنیاییەکی گەورەدا!

بەڵام دەق لای بارت لە جیاوازییەوە خۆی بەرجەستە دەکات، یان ئەو کاتە دێتە ئاراوە، کە (داهێنەر)، یان نووسەر هەموو پێوەندییەکانی بە نووسینەوە دەپچڕێت. پچڕانی ئەو پێوەندییە دەلالەت لە کەوتنی سیستم و جیاوازییەکی دیکەی زمان دەکات! لێرەوە ئیتر زمان نە گشتێکی جێگیرە و نە موڵکی نووسەرە، بەڵکو نووسین پێگەیشتنی ئەو خاڵەیە کە زمان وەک جیاوازی تێیدا دەجولێتەوە، نەک من. هەر لەوێشەوە گوتن بەش بەش دەبێت و دانەر وەک پەیکەرێکی بچووک دەمێنێتەوە، دەقیش لە غیابی دانەر و گەیشتن بە (خوێنەر/وەرگر)ـەوە بەردەوام خۆی بنیاد دەنێتەوە.

چالاکییەکی دیکەی زمان هەیە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو تەنیاییە گەورە و گشتگیرە، دەکەوێتە دەرەوەی ئەو یاسا و ڕێسایانەوە، ئەویش ئەو تێزەیە کە (جان جاک لۆسێرکل) لە کتێبی (توندوتیژی زمان) ئاماژەی پێداوە، یەکێک لە بنەماکانی ئەو تێزەش عەقڵی ناوەکی "عەقڵی باتینی"یە، کە (سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦-١٩٣٩) پێی وایە هەرێمێکی تاریکە لە نێو دەروونی مرۆڤ و ناکەوێتە ژێر ڕێکخستنی هیچ سیستمێکەوە و غەریزەکانی تێدا بەرەڵلان [بۆ نموونە خزینی زمان، یان نوکتەکردن: نوکتەکردن لای فرۆید گەڕانەوەیە، بۆ بێهوودەییەکی منداڵانە لەگەڵ زماندا! ئەوەی نوکتە دەگێڕێتەوە "یاریکەری وشەکان" توندوتیژییەک بەدژی زمان دەنوێنێ، بەڵام لاکان وەک فرۆید عەقڵی ناوەکی بە ناوچەی ئاژاوەگێڕی ناو نابات، بەڵکو پێی وایە ناوچەیەکە سیستمێکی ئاوێتە بەڕێوەی دەبات و ئەو سیستمە ئاوێتەیەش وەک زمان لە دەوری دوو تەوەرەدا دەخولێتەوە: خواستن (ئیستعارە) و درکە (کینایە). بەم جۆرە تێزەکەی لۆسێرکل دەکەوێتە دەرەوەی سیستمی زمانەوانی سوسێرییەوە و بەلای ئاخاوتندایە، واتە ئەوەی لە زمان دەمێنێتەوە و دەکەوێتە دەرەوەی یاسا و ڕێساکانی زمانەوە، ئەو تێزەش بە (پاشماوە- المتبقى) زمان ناو دەبات.

لۆسێرکل لە بەدواداچوونی ئیستعارە و (پاشماوە- المتبقى)دا پێی وایە ئیستعارە بەرهەمی دەستبەسەراگرتنی (پاشماوە- المتبقى)یە تا لە ڕێگای بۆماوە بە شییانەییە ڕستەسازییەکان بگات، ئەو شیانەییە سێنتاکسییانەی کە زمان دەکەوێتە ژێر سێبەریانەوە. بەم جۆرە ئیستعارە دەبێتە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە بشێ لە میانی چەمکی پاشماوە خۆی بۆ قەدەغەکراوەکانی زمان بگێڕێتەوە. ئیستعارە تەجاوزی ڕێساکانی سێنتاکس ناکات، وەک وڕێنە، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕەوا ڕێسایەک بەکار دەهێنێ بە دژی ڕێسایەکی دیکە، کە دەکەوێتە ژێر ڕێسای سێنتاکسەوە بۆ نموونە: بۆنی مەرگ، لای "ئۆدن"، یان دەریای زەمەن، لای "کیتس" تووڕەیی زستان، لای "شکسپیر".

**زمان قسان دەکات/ من قسان بە زمان دەکەم**

"لە بەر قسان ئاگای لە خۆی نەماوە"

کاتێک کەسێک، یان (دەق) قسان دەکات، زمان دەبیات، چونکە هەمیشە زمان قسان دەکات! کاتێ (دەق) قسان دەکات، سیستمی زمان لە قسەکردندا بەرجەستە دەکات.

هەڵبەتە هەموو نەوەیەک سیستمی زمانی خۆی لەنوێوە دەسازێنێ، بەم جۆرە ئێمە هەموومان میراتگری (وارسی) فۆرمەلەکەرێکی نادیارین، بەڵام (کەس) قسان ناکات، قسەکەر لە چوارچێوەی سیستمێکدایە چ لە دەرەوە بێ، چ لە ناوەوە. قسەکەر چارەسەری ئەو مانایە دەکات، کە دەیەوێت گوزارشتی لێبکات، ئەویش لە ڕێگای شیانەی گوزارشتکردنێک، کە زمان ملکەچی دەبێت!

تێڕوانینی ئەمڕۆ بۆ تێزی زمان قسان دەکات، دەرئەنجامی یارییەکی جیاواز و ئازادانەی زمانە، نەک دەستبەسەرداگرتنی قسەکەر بەسەر زماندا. بە دیوەکەی دیکەدا تێزی زمان قسان دەکات، زمان وەک تەنیاییەکی جێگیر و گەورە، وەک تێگەیشتنێکی پەرگیر بەجێ ناهێڵێ! بەڵکو زمان لە نێو فرە تێگەیشتنی بزوێنەر و دروستکەر، یان خزین و فەشەلی تێنەگەیشتنیشەوە هەڵدەگرێتەوە، بۆیە وەک گوتمان ئیشکالیەتی ئەو تێزە خودی قسەکەرانن، چونکە لە خودی هەر قسەکەرێکدا نێودژی جیاواز هەیە، بۆ چارەسەرکردنی شیانی ئەو گوزارشتەی کە زمان ملکەچیەتی، ئەزموونی هەر یەکێک لە قسەکەران لەگەڵ ئەو تەنیاییە بۆ خۆی چارەسەرێکی مامناوەندی نێودژییەکەیە.

(من درک بەوە دەکەم، کە ئەوە منم بە زمان قسان دەکەم، ئەو قەناعەتە بەسەر ئاگاییمدا زاڵ دەبێت، بەڵام کاتێ درک بەو قەناعەتە دەکەم -زاڵبوونم بەسەر زماندا بۆ ئاگاییم دەکشێ- و شتێ لە نیگەرانی دەسازێنێ!

خزینی زمان، یان دروستکردنی جۆرێک لە ڕیتم لە کاتی قسەکردندا، یان پەناوپێچ کردن لە دروستکردنی ڕستەدا... هەموو ئەوانە ئەوەم بیر دەخەنەوە، کە زمان قسان دەکات، هەتا ئەگەر لە باشترین حاڵەتی عەقڵیشدا بم.

زمان لە میانی مندا قسان دەکات! وشەکان دەبنە خاوەنم، دەمکەن بەهی خۆیان: ڕاستە من خاوەنی دەنگەکانم (دەنگەکان لە دەمی من دەردەچن)، بەڵام یەکێکی دیکە قسان دەکات، خوا، یان هیچ کەسێک، یان زمان؟! هەڵبەتە نێودژی ئەو چارەسەرییەی کە تاک بۆ قسەکردن دەیکات، زۆر لەوە قووڵتر و ئاڵۆزترە کە بۆ یەکەم جار بەرچاو دەکەوێت! چونکە من بۆ ئەوەی قسان بکەم، پێویستە لە دوو نێودژی خۆم ڕزگار بکەم: یەکەم، زمان وەک قەرارەیەکی مەتریال دەستلێدراو. دووەم، زمان وەک شتێکی ڕووت (ئەبستراک)، بێ ئەوەی قەوارەیەکی ماددی دەستلێدراوی هەبێت.

لێرە بۆ (سوسێر) و سیستم و جیاوازی، یان "فۆرمی گشتی" و "جووڵەی تایبەتی" دەگەڕێنەوە؟! لەلایەک زمان ڕێگایەکە بۆ تەعبیرکردنی تاکانە و"جووڵەی تایبەت" لەلایەکی دیکەوە دامەزراوێکی کۆیە و ڕێگا بە مانای کۆ "فۆرمی گشتی" دەدات؟! ئەو دوو نێودژییە، واتە کاتێ من قسان دەکەم و کاتێ ئێمە چارەسەرییەکەی دەزانین، لە چوار تێزی جیاوازدا قسەی لێ کراوە:

**زمان ماددییە (مەتریال):**

پرسیاری سەرەکی لەو تێزەدا ئەوەیە ئایا زمان لە دەنگدا خۆی حەشار داوە، یان وڵاتی عەقڵ بە پێی "سیستمێکی ڕووت" دەنگ دەخاتەوە؟!

زمان بوونێکی ماددی هەیە، وشەکان لە جەستەی من هەڵقوڵاون و وشەی ئەوانی دیکە دەیانبڕێ، ناشێ لێی ڕابکەین، زمان قەوارەیەکی ماددی هەیە، نەک لەبەر ئەوەی یاسا و ڕێسایەکی مەتریالی بۆ قسان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وشەکان هەمیشە هەڵگری هەڕەشەن بەوەی کە دەگۆڕێن بۆ هاوار، هەر لەوێشەوە قسەکەر پێگەی توندوتیژی خۆی هەیە. زمان ڕێگا بە تەعبیرکردنی تاکخوازانە دەدات. بە دیوەکەی دیکەش دامەزراوێکی کۆیە و ڕێگا بە مانای دەستەجەمعی دەدات.

**زمان ڕووتە (ئەبستراکە):**

زمان شتێکی ڕووتە (مجرد). زمان وەک شتێکی ڕووت، لە دەرەوەی جەستەدا خۆشی لە ئازادبوونی خۆی وەردەگرێ، بەوەی کە پاشای هەموو کۆیە لە ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوودا، ڕاستە لایەنی ماددی بوونی زمان شتێکی بەرچاوە، شێوەی کتێبی ڕستەسازی، کە تۆزی لەسەر نیشتووە، بەڵام بەو مانایە زمان ئەوە نییە، کە لە جەستە دەردەچێ و دەچێتە نێو جەستەوە، بەڵکو ئەو قەوارەیەیە، کە دەچمە ناوییەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای خزینەکانی خۆمەوە ببمە تاکێک لە تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵەی زمان. لە کۆتایی ئەو دوو تێزەوە دەتوانین بڵێین زمان (ڕووت و ماددییە) لە هەمان کاتدا.

**زمان جووڵەی تایبەتە (تاکئامێزە):**

کەسی قسەکەر بەو مانایەی کە تاکێکە ئەوە دەڵێ، کە دەیەوێت. "چۆمسکی" دەڵێت: من قسە بە ڕستییەک دەکەم، کە بەر لە من کەس قسەی پێ نەکردووە، چونکە من ڕێزمان بە ڕێگای تایبەتی خۆم بە کار دەهێنم، هەڵبەتە یاسا پارێزگاری لە خاوەندارێتی تاک دەکات و سزای قسەدزەکان دەدات. (نیتشە، فریدرچ ڤیلهیلم Friedrich Wilhelm Nietzsche 1844-1900) لە زەرادەشت وای گوت، دەڵێت: من زارێکم نییە بۆ گوێیەکانتان.

هەموو قسەکەرێک نووسەرە، نەک لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک ڕێسای گشتی بەکار دەهێنێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەنگی تاکێکە و بە ڕێگای تایبەتی خۆی دەبێتە خاوەنی زمانی خۆی.

**زمان فۆرمێکی گشتییە (موڵکی گشتییە):**

ئەوەی من لە قسەکردن بە خاوەندارێتی دەیکەم، بە ڕاستی موڵکی گشتییە. زمان فۆرمێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەو مانایەی، کە بە کاری دەهێنی، سەرەڕای شێوازی تایبەتی من و بەر لەوەی مۆرکی "من"ی پێوە بێت، موڵکی کۆیە. من ناتوانم شتێ بڵێم تەنیا ئەوە نەبێ، کە یاسا و ڕێسای زمان ڕێگام پێ دەدات. من فیکرەکانم دەخەمە بۆتەی زمانێکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەی کە ئازادیم کۆت دەکات. قسەکەر ناتوانێ هیچ بڵێت، تەنیا ئەوە نەبێ، کە هەڵوێستی مێژوو، یان ئەو سەردەمە ڕێگای پێ دەدات، کە تێیدا دەژیت. ئەو لە میانی نەسەقێکی کۆمەڵایەتی قسان دەکات.

**ئیشکالی تێزەکان:**

تێزی یەکەم و دووەم لەگەڵ سێیەم و چوارەم هاودژن. دوو نێودژی دیاریان هەیە، بۆ ئەوەش دەبێ بکەوینە لای تێزێک و ئەوی دیکە پشتگوێ بخەین، ئەوەش دەمانخاتە نێوان دوو شیانەی دووەم و سێیەم (واتە زمان ڕووت و تاکئامێزە) لە هەمان کاتدا، هەروەک بەرەو ڕووی دوو شیانەی دیکەمان دەکاتەوە ئەویش یەکەم و

چوارەم (واتە زمان ماددییە و جەماعییە) لە هەمان کاتدا.

**یەکەم، زمان ڕووت و تاکئامێزە**

زمان ڕووتە، مرۆڤ بەر لەوەی بیر بکاتەوە لە سەربەتی بڕیار بدات کە بە شێوەیەکی شاعیرانە لە ماڵی زماندا نیشتەجێیە. ئەوە زمانە قسان دەکات، بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکەوێتە نێو خەیاڵی زمانەوە، بەڵام ئایا کەسی قسەکەر چۆن ئەوە دەڵێ، کە دەیەوێت، واتە بە شێوازی خۆی دەدوێت!

لە سەرەتا ئەو تێزە پێمان دەڵێ زمان سروشتییە، زمان فەزایەکە لە ئازادی، ئازادیش خودی بوونە! بە دیوەکەی دیکە ئەگەر ئازادی بوونی نەبێ "جیهان دەکەوێتە بەندەوە" داهێنان بوونی دەکەوێتە تەگەرەوە، تاک ناتوانێ داهێنان بکات، هەر لە ڕێگای ئازادییەوە دەتوانن بەو دەربڕینەی (هۆڵدرین) بگەین، کە زمان گوڵی دەمە.

(بوون) لای هایدگەر ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئاگاییەوە دەکات، یان بە مانایەکی دیکە بە تێگەیشتن لە ئازادی! ئێمە بە ئاستە جیاوازەکانی ئاگاییمانەوە دەچینە نێو ئازادی تا خۆمان ڕووناک بکەینەوە، بەو مانایەش ئازادی بەهایەکی گەورەی لە دەرکەوتنی بووندا هەیە، بوونیش لە ڕێگای بەرزترین ئاستی ئاگایی بە (بوون) دەگات!

کەواتە داهێنان کەشفکردنی بوونە، لە ڕێگای ئاگاییەوە. حەقیقەتی بوون جگە لە حیکمەتی داهێنان و جەوهەری ئازادی شتێکی دیکە نییە. کۆی ئەو فیکرەیەش قەرزاری چەمکی خەیاڵی زمانەوانییە. خەیاڵی زمانیش بە مانا جەوهەرییەکی شیعرە، لێرەوە زمان قسان دەکات، پارێزگاری کردنە لە سروشتی ئەسڵی شیعر.

وەک ئاماژەم بۆ کرد، لە خودی هەر قسەکەرێکدا نێودژی جیاواز هەیە، خزینی زمان، یان دروستکردنی جۆرێک لە ڕیتم لە کاتی قسەکردندا، یان پەناوپێچ کردن لە دروستکردنی ڕستەدا، هەموو ئەوانە بیرمان دەخەنەوە، کە زمان قسان دەکات.

کەواتە ئەگەر لە بارەی تاکئامێزی، یان زمان گوڵی دەمە، وەک ئەوەی کە شێواز بەپێی تێگەیشتنی زمان، یان لە فەشەلی تێگەیشتن دروست دەبێت، هانا بۆ «ژیل دۆلۆز Gilles Deleuze 1926-1995» بەرین، ئەو دەڵێت: هەر شێوازێک بۆ خۆی زمانێکە، فرە زمانی لە قسەکەر کۆ دەکاتەوە. بۆ نموونە: تۆ وەک باوک شێوازێک دەدوێیت، وەک کاسبکار شێوازێکی دیکە، بەو مانایەش قسەکردن لە پارچە پارچەکردنی زمان، پرۆسیسەکردنێکی (بریسەئامێزە) ئەو فرە زمانی و هاوئاهەنگییە مەرجی بنەڕەتی زیادەڕۆیی شیکردنەوەیە، تۆ ڕۆژانە بە چەندان شێواز قسە دەکەیت (یان وەک دۆلۆز دەڵێت بە چەندان زمان).

**دووەم، زمان مەتریالی و جەماعییە:**

زمان ماددییە، چونکە دەنگە. جگە لەوە دەنگ قابیلی ئەوەیە ببێتە هەڕەشە. زمان لە چوارچێوەی ئایکۆنەکانییەوە خۆی دەردەخات. ئێمە بە زمانێک پابەندین، کە لە ڕێگای دایکەوە یان بە مانا (ئۆگستین)ییەکەی لە ڕێگای خواوە بەرجەستە دەبێ (زمان تاقە ئامرازێکە خودا بە مرۆڤەوە دەلکێنێت) ئەو تێزە لە ناونانی شتەکانەوە ڕێگا بە زمان دەدات، بێتە دەرەوەی بوون! کەواتە کە خوا ئادەم فێری ناوەکان دەکات، ئەو کاتە زمان بەرجەستە دەبێ و هەر ئەو کاتە زمان ملکەچی چوارچێوە وێنەییەکان دەبێ!

بە دیوەکەی دیکەش زمان جەماعییە، چونکە ئەو زمانەی من بە کاری دەهێنم، موڵکی کۆیە، کەواتە من لە ڕێگای یاسا و ڕێساکانی زمان، کە خودا و کۆ لەسەری پێکهاتوون، یان ئەوەی هەڵوێستی مێژوویی لەسەری ڕاهاتووە، دەتوانم قسان بکەم.

لێرەدا ئەگەر حەقیقەتی زمان لە ناوەکانەوە، یان بە مانایەکی دیکە لە زمانی (دایک)ـەوە ملکەچی چوارچێوە وێنەییەکان بێ و دواجار ئەو چوارچێوە وێنەییانە یاسا و ڕێسایەک بەڕێوەی بەرێت، ئەوە داهێنان لە سەر نێودژی نێوان پاکیەتی دایک و پیسبوونی دایک دێتە بەرهەم. بەو مانایە زمان ئەوە نییە کە لە جەستە دەردەچێ و دەچێتە نێو جەستەیەکی دیکەوە، بەڵکو ئەو قەبارەیەیە کە دەچمە نێوی، بۆ ئەوەی ببمە تاکێک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە کە پێی دەڵێن زمان. لێرەوە کۆمەڵەی زمان جۆرێک لە هاوئاهەنگی نێوان زمانەکان دەنوێنێ، ئەوەش بەکارهێنانێکی (ولفسە)یانەی فۆرمەلەکردنی دەقی ئەسڵی زمانە، کەواتە زمان بەردەوام لەسەر لادان و خزین خۆی ڕاست دەکاتەوە، لە بەکارهێنانی خوازەی دایکەوە قسان دەکات.

**دوو بۆچوون:**

بە کورتی زمان بەردەوام بە دوو کردار دەکات (پارێزگاریکردن) و (پیسکردن) هەر لە ڕێگای ئەو دوو کردەیەشەوە زمان گەشە دەکات (Development)و پێش

دەکەوێت. ئەگەر پارێزگاریکردن لە ڕووتی زمان دیدێکی گشتی و بەڵگە نەویستی خەیاڵی وشە و وڕێنەی هەرائامێز بنوێنێ! ئەو دیدە هاوگونجانێکی ناجێگیر لە نێوان تاک و کۆ دروست بکات و دواجار بەکارهێنانەکان ئەوە بێ، کە بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە بەر چاو.

ئەوە پیسکردن دەکەوێتە دووتوێی زیادەڕۆییەوە، هەمیشە لەسەر خوازەی دایک خۆی نوێ دەکاتەوە.

لێرە لە نێوان پارێزگاریکردن و پیسکردن، دەشێ بڵێین زمان بە مانا جەوهەرییەکەی شیعرە! کەواتە لە زماندا شتێک نییە پێی بگوترێت واقیعی زمانی جێگیر، بەو مانایەش (پاشماوە)ی لۆسێرکیل، یان جیاوازی سوسێر و لادان و خزینی زمان ناوێکی دیکەیە بۆ جێگیرنەبوونی ئەو واقیعە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- زمان (Language) لە بواری زمانەوانییەوە پێکهاتەیەکە، خۆی لە دروستکردنی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان هەڵدەگرێتەوە. ئەو پێوەندییانە دەتوانن بە شێوەی قسە، نووسین، خۆیان بنوێنن. (ئیجون، جین، مبانی زبان شناسی، ترجمەی محمد فاضل، مؤسسە انتشارات نگاه، تهران ١٣٨٠، ص ١٦٧. ١٥-١٨/ ٥٩-٦٩).. زمان جگە لە دروستکردنی پێوەندی، لە داهێنانە ئەدەبی و فیکری و زانستی و فەلسەفییەکان کاری پێدەکرێت. (مارتینە، مارتنە إندرە، مبانی زبان شناسی عمومی، ترجمەی هرمز میلانیان،انتشارات هرمس، چاپ اول،تهران ١٣٨٠، ١٣٨٠، ص ٩-١٠).

٢- ئۆگستین لە جیهانی فرە کولتووری ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە دایکێکی باوەڕ مەسیحی و باوکێکی بێ باوەڕ لە ئەفریقیای سەروو، شاری تاگاستە (Thagate)، واتە (ئەهراس)ی جەزائیری ئێستا چاوی بە دنیا هەڵێناوە. زمانی فینیقی زانیوە و ئاشنایی بیروڕای سامییەکان بووە، لە (٩) ساڵان ئایینی (مانەوی) پەیڕەو کردووە و هەر لەو ڕێگایەشەوە کولتوور و شارستانیەتی ئێرانی کۆنی ناسیوە، ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی خوێندووەتەوە و شارەزایی لە بەرهەمە شیعرییەکانی (فێرجیل) هەبووە، لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا هەر لە شاری (تاگاستە) دەبێتە مامۆستای ڕەوانبێژی، بەڵام دواتر واز لەو پیشەیە دەهێنێ و لە سەر دەستی (ئەمیرۆزا) لە تەمەنی (٣٢) ساڵی، واتە ٣٨٧ز باوەڕ بە ئایینی مەسیحی دەهێنێ، چونکە پێی وایە هونەری ڕەوانبێژی بە ماناکانی ڕاستی ناگەیەنێت، ئەویش لەوێوە کە ئەفلاتوون دەڵێت هونەری ڕەوانبێژی ڕاستی پێچەوانە دەکاتەوە و دەیشێوێنێ و ناتوانێ بە یەقینمان بگەیەنێت. هەڵبەتە کۆی ئەو قسانەی ئەفلاتوون بە دژی سۆفیستەکان دەکەوێتەوە. ئۆگستین لە ساڵی ٣٩٥ز بە پلەی (ئەسقەف) دەگات، لە تەمەنی (٧٦) ساڵیدا، واتە ساڵی ٤٣٠ز کۆچی دوایی دەکات.

ئۆگستین لە مانەوییەت کە پێشەواکەیان (فاستۆس) بوو، فێری ئەوە دەبێ کە یەزدان لە وێنەی ڕووناکیدا ببینێت، هەڵبەتە ڕووناکی بە مانا ماتەریالییەکەی ئاگر، پاشان پەیڕەویی لە ڕێبازی ئەفلاتوونی نوێ کردووە، لە ژێر کاریگەری (پلۆتین- قوتابی ئەفلاتوونی نوێ) تێدەگات کە خودا نوورە، بەڵام بە مانا ڕوحی و مەعنەوییەکەی، نەک ماتەریالییەکەی. ئەفلاتوونی نوێ دەڵێت: مرۆڤ ناتوانێ لە ڕێگای زانین بە ڕاستەقینەی هیچ شتێ بگات، چونکە زانست تایبەتە بە شتە مەتریال و تێپەڕەکان.

٣ – لە کتێبی (دی مایسترۆ) ئۆگستین دەڵێت: زمان بەڵگەی بوونی خودایە، خودا لە دەروونی مرۆڤ دایە و لە ڕێگای زمانەوە دەردەکەوێت. بڕوانە: سالار عوسمان، هێرمینۆتیکا، لێکۆڵینەوە، چ١، ٢٠١١، دهۆک، ل٢٦.

٤- فەلسەفەی سەدەی ناوەڕاست لە ئایینزای کاسۆلیکی و فەلسەفە پێکهاتووە، شێوەیەکی لاهووتیانە و ئایینیانەی هەبووە و لە خزمەت کەنیسەدا بووە، بۆ تێگەیشتن لە باوەڕ پەنایان بۆ عەقڵ دەبرد، بەڵام لێرەدا عەقڵ دوو مانای هەیە: یەکێکیان عەقڵی مرۆڤە و سنووردارە و شتی کەم درک دەکات و ڕاستی نابینێ، ئەوی دیکە عەقڵی ئیشراقییە بریتییە لەو نوورەی لە خوداوە دێت و شتەکان بۆ عەقڵی مرۆیی ڕووناک دەکاتەوە. وەک چۆن دەشێ بە (فەلسەفەی کاسۆلیکی) ناوی ببرێت، چونکە زۆرینەی ئەو کەسانە کاسۆلیکی بوون. (ڕەسڵ)ی فەیلەسووف دەڵێت: فەلسەفەی کاسۆلیکی لە سەردەمی ئۆگستین تا ڕێنیسانس دەگرێتەوە، لێرەدا ئۆگستین بە سەرەتای ئەو فەلسەفەیە دادەنرێت.

٥- ئەو بیرکردنەوەیە زمان هەر تەنیا وەک ئامرازی گەیاندن دەناسێنێت.

٦- ڕۆلان بارت Roland Barthes 1915-1980 بە یەکێک لە ڕەخنەگرە گەورەکانی فەڕەنسا دەژمێررێت، نووسەر لە دانەر جیا دەکاتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پێوەندی بە زمانی فەڕەنسییەوە هەیە، لە زمانی فەڕەنسیدا نووسەر سەر بە دنیایەکی داخراوە و بە وەزیفەی نووسینەوە بەندە، بەڵام دانەر فرە مانایەو سەر بە دنیایەکی کراوەیە، هەمیشە داهاتووی بەلاوە گرنگە، دانەر لە ناوەوەی خۆی ئاڵای پەیامبەریەتی هەڵگرتووە.

٧- بەو مانایە هەموو دەقەکان لە پێناو دەرکەوتنی (خالق- دانە- نووسەر) کار دەکەن.

٨- بەو مانایەی کە لە ڕێگای ئەوی دیکەی خوێنەرانەوە بەرەو (بوون) دەبێتەوە.

٩- عنف اللغة، جان جاك لوسيركل، ترجمة وتقديم/ د. محمد بدوي، النظمة العربية للترجمة، بيروت، ط٢، ٢٠٠٦، ص٧.

١٠- هـ.س.پ. ل١١٣، ل١٤.

١١- دەتوانین زمان وەک سیستم لای هەر یەک لە (لیڤی ستراوس و ئەلتۆسێر و بەشێکی لای لاکان و بارت) بدۆزینەوە. وەک چۆن زمان وەک جیاوازی لای هەر یەک لە (فووکۆ، دریدا، لیوتار) درێژ دەبێتەوە.

١٢ – هـ.س.پ. ل٨.

١٣- خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی دیکە، بێجگە لە مانای دروستی وشەکە، بە مەرجێ پێوەندی نێوان مانای دروست و مانای خواستراوی وشەکە وێکچوو بێت، دەبێ نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان لەو

وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەک دروستەکە.

١٤- درکە ئەوەیە کە ڕاستە و ڕاست ناوی شتێ نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی دیکە ببەی، کە پێوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت، بۆ ئەوەی لەو مانا باس کراوەوە بۆ مانا مەبەستەکە بچیت. بۆ نموونە: گۆران دەڵێت: بە سورێکی تر ئەستێرەی ئینسان گڕ قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر... لێرە (ئەستێرەی ئینسان گڕ) درکەیە بۆ زەوی، چونکە هەر زەوییە مرۆڤ لەسەری دەژی.

١٥- یان:- زمانی قسەکردنی نییە. قسەکانی نەخشی بەردە: واتا (هەر قسەیەکی کرد دێتە دی، چونکە لێکدانەوەی زۆرە و دنیا دیدەیە). لەو بارەوە کۆمەڵێک ئیدیۆمی دیکە هەیە، وەک (زمانی بەربووە)، (قسە بەردەداتەوە)، (قسەی سوارە)، (قسەی لێ ناخواتەوە)، (وەستای قسانە)، (قسە قسە دێنێ)، بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا- جەلال مەحمود عەلی سوبحان، بەرگی ١،٢،٣، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٢. لە زمانی کوردیدا وەک ئیدیۆم (idiom – عبارة اصطلاحیة) بەکار دەهێنرێت. زمانی کوردی لە چوار دیالێکت (dialect – لهجة) پێکهاتووە: دیالێکتی کرمانجی باکوور، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، دیالێکتی کرمانجی باشوور، کرمانجی گۆران.

١٦- بەڵام زمان قسانم پێدەکات، زمان ڕێگام دەدات پێگەی بەرانبەر (المخاطب) بم، واتە لەو حاڵەتەدا (منی قسەکەر) منێکە زمان بۆی دەگێڕێتەوە و منی بۆ گێڕەوە قسان دەکات لە بابەتێک کە زمان بەسەریدا سەپاندوویەتی. لێرەدا زمان وەک بگۆ منی بۆگێڕەوە دەکاتەوە بە منی بگۆ، واتە منی بگۆ ئەوەی زمان دەیڵێ دووبارە بۆ ئەوی دیکەی گوێگر دەگێڕێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە لە تێزی زمان قسان دەکات، دەبێ قسە لە قۆناغی قسە پووچەکانی منی قسەکەر بکەین، چونکە من لە ترۆپکی خۆشی و چێژ وەرگرتن لە زاراوە فەردییەکان تێوەدەگلێ وەک پاشکۆ.

دواجار هەر لە تێزی زمان قسان دەکات، من قسان بە زمان دەکەم ئەو کاتەی هەوڵ دەدەم مێشکم بە هەندێ لە مانا پڕ بکەمەوە، پڕکردنەوەی مێشکم بە مانا ئەکەم ئامانجی قسەکردنمە، ئەوەش سروشتی خودی زمانە، چونکە هەمیشە ئەوەی عاشقی زمانە دنیای زمان تووشی هەوەس دەکات، هەوەسی قسان دەکەوێتە دووتوێی ڕێبازی (ولفسە - لویس ولفسۆن لە ١٩٣١ لە دایکبووە، وەک کابرایەکی شیزۆیی "جوولەکەی/ ئەمریکی"یە، تەکنیکێکی ئاڵۆزی لە تەرجەمەکردنی ڕاستەوخۆدا -بەپێی دەنگەکان- هەیە، یان بە پێی موزیکای نێوان زمانەکان، نەک نێوان وشەکانی یەک زمان، پاشان ئەو تەرجەمەیەی لە ڕستەیەکدا کۆکردووەتەوە، کە بە داڕشتنەوەی زمانەوانی دەچێ، چونکە بە چەندان زمان نووسراوە، بەڵام (بریستە- جان بیار بریسە ١٨٣٧- ١٩٢٣ زانای زمانەوانی فەڕەنسی، کە پێی وایە مێژووی مرۆڤایەتی لە ناوەرۆکی زماندایە. ئیتیمۆلۆژیا (etymology) هەر تەنیا لە وشەوە-word-ەوە نییە، بەڵکو لە جیهان –world-ەوەیە، وشە، مێژووە، ئەو مێژووەش ڕەنگدانەوەی مێژووی بەدواداگەڕانە، وشە وەک زانستی ڕێزمان لە ناو هەڵێنجراوە، هیچ شتێکی نوێ و سەیری تێدا نییە. ڕەنگدانەوەی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی زمانە لە جیهاندا) ئەو زانایە هەر تەنیا پشت بە ئیتیمۆلۆژیا نابەستێ، بەڵکو لە شیکردنەوەکانی هەر ناو و دەستەواژەیەکی زیاد لە چەند جاران شیکردووەتەوە، ئەو شێوەیە لە شیکردنەوە بە وڕێنەکانی بریستە ناوزەد کراوە.. بڕوانە عنف اللغة، ص١٣٣، ١٣٧.

١٧- بەبەغاش خاوەنی دەنگە؟!

١٨- "کارڵ کراوس" دەڵێت: نووسەر ئەو کەسەیە، کە دەیەوێت پاکێتی بۆ ئەو (لەشفرۆش-زمان-دایک)ـە بگەڕێنێتەوە، زمان لەسەر پێوەندییەکی ئابڕووبەرانە، بەڵکو پێوەندییەکی بکوژانەی نێوان نووسەر و (زمانی دایک) پێشکەوتنەکانی خۆی دەنووسێتەوە. نووسەر لەسەر دایکی دەنووسێ و بەدژی ئەو دەکات، بۆ ئەوەی لە نیگەرانی کاریگەرییانەی دایک ڕزگاری بێت. ئەوە"کارل کراوس"ی زماننا‌سە وەک قسان لە لەشفرۆشێک بکات، قسان لەبارەی زمانەوە دەکات و پێی وایە زمان لە ڕێگای (خوازەی - استعارة - دایک: واتە بەکارهێنانێکی دیکە بۆ ئەو مانایەی، کە دایک دایهێناوە) پێش دەکەوێت، زمانی دایک، لەو نێودژییەی نێوان دایک و لەشفرۆش مانیفێستێکی دیکە دەدۆزێتەوە، بۆ نێودژی یەکەم (واتە دایک).. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- جان جاک لوسرکل، عنف اللغة، ترجمة و تقدیم: د. محمد بدوي، المنظمة العربیة للترجمة، بیروت- لبنان، ط٢، ایلول ٢٠٠٦. ص ٤١٣.

١٩ - چۆمسکی، ئەفران نعۆم چۆمسکی: لە فلادیلفیای بنسلفانیا ٧ دیسمبەری ١٩٢٨ لە دایکبووە، زانستی زمان و بیرکاری و فەلسەفەی خوێندووە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٥ پلەی دوکتۆرای لە زانکۆی بنسلفانیا بە دەست هێناوە، دواتر چەندان پلەی دیکەی دوکتۆرای لە زانکۆ جیا جیاکانی دنیا بە دەست هێناوە.

٢٠-لە نێوان زمان وەک جوولەی تاک و زمانی جەماوەر، ئاماژە بە زرەدەشتی نیتشە دەکەین، ئەو لە نێو حەشاماتدا گوتەیەک پێشکەش دەکات و تێیدا بانگەشەی مرۆڤی باڵا دەکات، بەڵام خەڵکەکە لێی تێناگات، چونکە ئەو بە زمانی تایبەتی خۆی قسان دەکات، گوێچکەی ئەوانیش لە ئاستی ئەو قسانە نین، لە ئەنجامدا زەردەشت دەڵێت: ئەوان لە من ناگەن، من زارێکم نییە بۆ گوێیەکانیان.

٢١- لێرەدا حاڵەتی شاعیرانە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە جێگیر نەبوونەوە دەکات، واتە سەفەرکردنی بەردەوام.

٢٢- (لاکان دەڵێ: وەهم سروشتێکی زمانی هەیە).

٢٣- ڕەزا بەراهەنی دەڵێت: زمان ئازاد کەن، جیهان ئازاد دەبێ. زمان بخەنە بەندەوە، جیهان دەکەوێتە بەندەوە. بڕوانە: ڕەزا بەراهەنی، خولیای نووسین، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئەمین گەردیگلانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل١، ١٥.

٢٤- عنف اللغة، ص ٢١٦، ٢١٧، ٢١٨.